ئیوارەتان باش خوشک و برایانی بەرێز
رێز و سوپاسی بی پایانم بۆ ئامادە بوونتان .
سەربەرز و سەرفراز و بەختەوەرم لەم یادە پیرۆز و شکومەندەدا یادی هەلگیرسانی شورشی مەزنی ئەیلول لەگەل گەرمترین و جوانترین پیرۆزبایی لە ئیوەی بەریز و سەرجەم جەماوەری کوردستان . یەکیک لە بەرهەمەکانی ئەو شورشە ئەوەیە کە ئەمرو ئیمە لیرەدا سەرەبەستانە و ئازادانە لە ژیر سایەی پەرلەمانی و حکومەتی کوردستان کوبوینەتەوە بو ئەوەی باس لە سەرکردەیەکی گەورە و لی هاتووی گەلەکەمان کاک ئیدریس بارزانی بکەین .
جی ی خوبەتی و بە پیویستیشی ئەزانم سوپاس و پی زانینی خوم ئاراستەی برایانی بنکەی کاوەی روشنبیری بە تایبەت ریزدار کاک صلاح بدرالدین بکەم کە ئەم هەلەیان بو رەخساندین . جاریکی تریش سوپاس بو هەموولایەک .
بو بابەتی من لەمرۆدا ( ئیدریس بارزانی و پەیوەندی لەگەل جەماوەردا ( یە بابەتەکەم دابەش بەسەر چەند بەشیک کردوە تا شیوازی زانستی خوی وەربگری :
یەکەم : سەرەتا
دووەم : ناسینی هەندیک لەم هوکارانەی کاریان لە تەکوین کردنی کەسایەتی کاک ئیدریس دا هەبووە .
سی یەم : جەماوەری بوون و پرنسیبە جەماوەریەکانی کاک ئیدریس چون و لەسەر چە بنچینەیەک بوون .
خالی چوارەم و کوتایی : ئەنجام گیری ( نەتیجە( .
کاریکی باشتان کرد تەوەری کاک ئیدریستان دیاری کرد . حەز دەکەم لە چەند خالیکا ئەوە لیک بدەمەوە کەچی وای کرد ئەم تەوەرە دیاری بکەن .

1. من پیم وایە هەموولایەک لە و بروایەدان کە کاک ئیدریس بارزانی یەک لە و سەرکردە دەگمەنە تیّ کوشەرانەیە کە هەموو ژیانی لە پیناوی ئیمە و ئەم میللەتە بەخشی بەلام بو یەک ساتیش بەرهەمەکەی نەخوارد و نەشی دیت .
2. من پیم وایە کە کاک ئیدریس یەکیک لەسەرکردە بی وینە جەماوەریەکانی کوردە لە چەرخی تازەدا لەبزاڤی کوردیدا . کاک ئیدریس لە سەر دەمارو روحی پیش کەوتن کاری دەکرد . وە جەماوەریش بە رووح و گیانی پیش کەوتن دا دەنا ئەوەش بە بەرچاوی هەموانەوە دیاربوو کە کاک ئیدریس تیکەلی سەرجەم چین و تویژەکانی گەلەکەی بوو .

خوشک و برایانی بەرێز . . . پیویستە ئیمە هەردەم و هەرکات ئەم ( حەقیقەتە جوانە (لە بەر چاومان بیت . کە ئایا هیچ بەبیّ جەماوەر دەکریت ؟ وە ئایا شورشی کورد لە سەرجەم شورشەکانی دنیا زیاتر پیویستی بەوە نیە جەماوەری خوی ساز بداتەوە ؟
بی‌شک وایە و حەقیقەتەکەش هەرخوبەتی . . . ئەمرۆ بۆ کوردستان بە نسبەت شورش و ئەم مەرحەلەیە لە پیش هەموو کاریک دەبی کارمان سازدانەوەی کەسایەتی تاک وکو بەگشتی جەماوەر بیّ, بەنسبەتی روشنبیر ئەوە ئەم شتەیە کە دەبی تیایدا ئەمرۆ شوینی پیّیە کاک ئیدریس هەلگری بی .

3. خالیّکی تریش ئەوەیە جەنابتان دەزانن کە من بۆ ماوەیەکی زۆر لە خزمەت کاک ئیدریس دا بووم وە بۆ من قوتابخانەیەکی بە هیّز و پر لە هزرو روحی تی کوشان و بارزانی پەروەری بووە .

لیشان ناشارمەوە کە هێشتا ئەم زەمینەیە نەرەخساوە کە بتوانم ئەوەی لە ناو دلم دا دەربارە کاک ئیدریس بارزانی زۆر لە هەنگاونەکانی هەلم گرتوە باس بکەم .چونکە کاتی نەهاتووە .
کە ئەوەش باریکی گرانی دەروونی بۆ مروڤ دروست دەکا ( لەبەر ئەوەی ئیمە دەربارەی کەسایەتیکی نائاسایی بابەتمان لە ناو دلمان هەلگرتوە ( دەبی رۆژیک هەر بیت بەدلی خوم هەرچی دەیزانم باس بکەم و باری دەرونیشم ئاسوودە بی .

- ناسینی هەندیک لەم هوکارانەی کاریان لە تەکوین کردنی کەسایەتی کاک ئیدریس دا هەبووە .

ئەگەر ئیمە بچینە سەرباسی سەرکردایەتی و شیوازەکانی لە ناو خیزانی سەروەری بارزانی دا بابەتەکە زۆری دەویت .
من دەمەویت بە تەنها لەسەر کاک ئیدریس قسە بکەم یان بابەتەکەم چر بکەمەوە.
کاک ئیدریس بارزانی سەرکردەیەکی بەهێز و گەورە بوو هێزی سەرکردایەتی لای کاک ئیدریس بەرەئی من لەوە دیت کە کاک ئیدریس هەر لە دایک بوونیەوە تا گەورە بوونی , وە دەرکەوتنی وەک سەرکردەیەکی هەموو بوارەکانی ئەو کات ... ئەو لە ناو فەزایەکی سیاسی سەرکردایەتی بنەمالەی سەروەری بارزانی دا لە دایک بوو وە ژیابوو, لیرەدا دەمەویت ئەوە رۆون بکەمەوە :
(( من مەبەستم ئەوە نیە لە رۆلی خەلک کەم بکەمەوە هی ئەو کەسانەی (دەرنگ( دەبنە سەرکردە .
بەلام هەرکەسیک کە دوای 15 تا 20 تا 30 سال دەبی بەسەرکردە یا خود بلیین چەند سالێکی ژیانی مەدەنی یان شەخصی دوور لە سیاسەت بەسەربردوە . تا ئەو رۆژە دەمریت کاریگەریەتی ئەم ژیانە مەدەنیەی لەسەرە لە قیادە کردن ... کەچی بە نسبەت کاک ئیدریس هەر لەدایک بوونیەوە تا ئەو رۆژەی بە جەسەد لەبەر چاومان نەما لە ناو سیاسەت و سەرکرادیەتی کردندا ژیاوە . بویە ئەوەی لە رۆژانی ژیانی سیاسی دا هیچ سیفاتیکی لی دەرنەکەوت کە ئەم سیفاتە ئەنگەل بیت لە ریی کارەکانیدا , چونکە ئەو خۆی ژیانیکی نەبوو جگە لە ژیانی سەرکرادیەتی . چونکە لە دایک بووی خێزانیکی سەرکردە بوو .
گەرچی کاک ئیدریس بارزانی کوری یەکیک لە گەورە سەرکردەکانی ناوچەکە (مصطفی بارزانی ( نەمر بوو, بەلام خوشی توانایەکی گەورەی سەرکردایەتی کردنی لابەرجەستە بوو کە بەشی بنچینەیی و هەرەگرنگی ( بارزانی نەمر( خوی بوو , یەکیک لە توانایەکانی کەمن شاهیدیم سەرسام بوونی بە کەسایەتی بەرز و توانا و لی وەشاوەی بارزانی نەمر بوو, ئەوەش راستترین و دروستترین تیروانینی کاک ئیدریس بوو کە دوور لە ئینتمای باوکایەتی و خیزان , خاوەنی هەلسەنگاندن بوو .
کاک ئیدریس پی گەیشتوی ناو قوتابخانەی بارزانی نەمرو کوورەی خەباتی ئەم قوتابخانەیە بوو کە سەرەرای توانا خودیەکانی ((بارزانی نەمر( ( بارزانی نەمری تیا خولقا بوو وەک درێژکراوەی پرۆسەیەکی شۆرشگیرانەی خاوەن بونیادیکی زیندووی پر لە جموجولی سیاسی و جڤاکی و پراکتیکی لە ئەنجامی ئەوەشا سروشتی کاک ئیدریس وا خولقابوو پرسیاری زۆر و زەحمەتی نەکات بەلکو خۆی وا راهینابوو بۆ زۆری و زەحمەتی دروست بوە و بیّ شک سەرمەشقی خەباتی ئەوساش زۆری و زەحمەتی بوو .
سیاسەت – مەعریفە – یاسا – دیموکراسی – بەریوەبەری باش , دیبلوماسی باش, کارامەیی , شیوازی شۆرش و شۆرش کردن و سەرکردایەتی کردن , پەروەردە و فیرکردن , ئاوەدانی و دەستەبەر کردنی سەرجەم بوارەکان بە

ئـەدەب و هونەریشـەوە , وە سـەرجەم ئـەم و ئـەو بوارانـەی کـە ژیـان بـە واتـا و مانـا دەکـەن لـە نـاو پرۆسـەی پیشمەرگایەتی و سەرکردایەتی شۆرش لەو کاتەدا نوینەرایەتی دەکران و سەرمەشقی ئەو خەباتەش شان بەشانی جەنابیٚ سەرۆک کاک ئیدریس بارزانی بوو .

- جـەماوەری بـوونی کـاک ئیـدریس ئەوەنـدەی مـن لـە کـاک ئیـدریس لـەم بـارەوە تـی گـەیشـتم وە حـەز دەکـەم دیکومینت بکریٚت کە خۆم گویم لـی‌ی بوە دەیگوت و پـی‌ی وابـوو :(( جـەماوەری کوردسـتان لـە دیـر زەمانـەوە , میٚژوویەکی دوورو دریٚژی کۆمەلایەتی لە میٚژینەی هەیە لە ژیٚر دەستی دا کە دەگەریٚتەوە بۆ (500) سـالیک بەر لە دایک بوونی عیسـای مەسیح تـاکوو ئـەمرۆ . . . لـەم میـژوەدا (( , دوژمنـە یـەک لـەدوای یەکـەکانی کـورد و یستوویانە سەرباری کوشتن و جینوسایدکردنی رەگەزی داب و نەریت و خەسلەتە دیرینە رەسەنەکانی کورد تیک بشکینن . بۆ ئەم مەبەستەش بـەپی‌ی بەرنامـە کاریـان کـردوە تـاکوو کەسـەکانی سـەرخاکی کوردسـتان بکـەن بـە کەسانیکی بی ورەو بی باوەر و لەگەل یەکتر نـاکوک و هـەروەها رەش بـین لـە سـەرکەوتن ئەوکاتـەش ئـەوەیان بـۆ رەخسا دەتوانن ئەم خاکە داگیر بکەن بی ئەوەی کەسیک ئاریشەیان بۆ دروست بکات .

هەڤالانی بەریٚز . . .

بالیرەدا چەند نمونەیەکتان بدەمی لەم بارەوە :

- پرۆفیسۆر اسماعیل ئیشکچی زۆر لی کولیٚنەوەی لەسەر کورد هەیە ئەو پی‌ی وایە کەسایەتی کـورد لـە نـاو ئەم میٚژوە دورو دریٚژەدا (( ئازادی لەبیٚر کردوە (( .

بۆ ئەوەش چەند نمونەیەک دەهینمەوە ( سوریا کەکاتیک فەرنسا دەستی بەسـەردا گـرت تـا ئـەو کاتـەی لـەم وەلاتـە چووە دەرەوە هیشتا جیلی سەردەمی داگیرکەری نـەمردبوون کـە ئـەوان ئازادیـان لـەبیٚر نەچـوبووەوە ئـازادی خۆیـان دروست کردەوە یان فەرەنسا بە هەمان شیوە بـوو کـەچی نەنسـبەتی کوردسـتان و جـەماوەرەتی کۆشـەرەکەی چۆن تامی ئازادی کردبیت یان بیبستنی لە کاتیٚکدا بەبیٚری نەک من و ئیوە و باوک و باپیرانمان بەلکو چەندین جیلی رابردوش نابیت بە دریٚژای (2502) سالی رابردوو لە ژیٚر دەستیمان کورد ئازادی نەدیوە .

- بۆیە کاک ئیدریس پی‌ی وابوو ئەوە میٚژوویەکە ئەم گەلەی تووشی بی چارە بوون کردوە نـەک ئـەم گەلـە خـۆی بی چارەبی .
- ئەوە میٚژوویەکە نەوە لە دوای نەوە بۆ زیاتر لە (2500) سالە کورد لە ناو سیستەمیکی بی گانەدا , نامۆدا پەروەردە دەکات نەک کورد خۆی نامۆبیت .
- ئەوە سەدان سالی داگیرکەیە ئازادی لەبیر خەلک بردۆتەوە نەک کورد حەز لە ئازادی نەکات .

بۆیە پیویستە : ئیمە بەم رووحە , بەم لیٚبوردنەوە , بـەم سنیگ فراوانیـەوە دان وسـتاندن لـەگـەل خـەلکی خومـان بکەین تاکوو بتوانین بوئازادی سازیان بدەینەوە . ئەوەش بەچیٚ دەکریٚت ؟

بەکوشتن و مراندنی سەرجەم ئەم دەرسانەی دوژمن بـە نـەوە لـە دوای نـەوە ئـەم میلـەتـەی داوە کـە بریتـی‌یـە لـە (( ناکوکی ناوخۆیی (( لە (بی ئومیدی لە سەرکەوتن ( لە وەی کە ژیٚر دەستیمان (( قەدەرمانە (( بۆیە کـاک ئیـدریس پی‌ی وابوو .

هەرپارتیک یان شورشیک بیـەویت لـە کوردسـتان بەسـەربکەویٚت دەبی جـەماوەری سـەرکەوتن ئامـادە بکـات .

ئەوەش لەم ریٚگایانەوە : .

1. لە ریگەی پەروەردە کردنیکی نەتەوەیی و نیشتمانیانەی ریک وپیکەوە .

2. پیویستە سەرکردەکان خۆیان خاوەنی خەسلەتی بەرزی نیشتمانی و گیانی جەماوەری و هاوکاری و پیکەوە ژیان بن .بۆ ؟ چونکە سەرکردە ئاوینەیە بۆ جەماوەر هەرچی بکات جەماوەر لە قوناغی رزگاری نیشتمانی دا چاوی لی دەکات بی پرسیار کردن .

(( نمونەی مەلاو مندال ( (

03 کاک ئیدریس هەردەم بەورەو باوەر بوو , هیچ کاتیک لە هیچ بارودۆخیک بی ورە نەبوە بۆیە لە رۆژانی نائومیدی کاک ئیدریس گەورەترین ئومیدی شۆرش و کادرو فەرماندەو ئاوارە سەربەرزەکان بوو لە ئیران (بە دەستیکی خەبات و تیکۆشان بوو بەدەستەکەی تری خەم پەژارەو کیشەکانی گەلەکەی بوو( .

04 کاک ئیدریس هەمیشە باوەشی کراوە بوو هەرکەسیک لە پیشمەرگە و فەرماندە و کادریک بە تەنها ببینی لەبەر ئەوەی لە ژیانی شۆرش زۆر ئاسایی گیروگرفت دەبی و مەرجیش نیە گیروگرفتی هەموو کەس وەکو یەک بی و بەوەی بە سمیناریک بدەیتە کۆمەلە خەلکیک گرفتی هەموبانت چارەسەر کردبیت . لەبەر ئەوەی کاک ئیدریس پیی وابوو هەرکەسەو گرفتی تایبەتی خۆی هەیە و پیویستە بتوانی تعبیر لە ئازاری خۆدی کەسەکە بکەیت و گوی ی لی بگری .

05 پیویستە سەرکردە بەهەلسووکەوتی دیراسە نەکراو وە بریاری هەلنە سنگیراو هەر وەختە و بەپیی میزاجی شخصی خۆی رووی جەماوەر بەلایەکا نەبات و جەماوەر بلاوو بی باوەر نەکا .

- لە سەر ئەهمیەتی ئامادە کردنی جەماوەر و جەماوەری بوونی سەکردە چەند نمونەیەک پیشکەش دەکەم :

1. یۆنان : دەولەتیکی هەژارە و جگە لەوەی وولاتیکی سیاحیە و هیچی تری نیە بەلام ئەحزابی سیاسی و سەرکردەکانیان توانیان خەلکەکە ریک بخەن . ئەمرۆ ئەم خەلکە هەموویان لەریی پەروەردەی سەرکردە سیاسیەکانیانەوە کار بۆ بەرز راگرتنی ئالای یۆنان دەکەن لە هەموو بوارەکاندا .

- هەروەها (( سەرکردە سیاسەکانی یونان ( ( زۆر بەجدی توانیان کار بکەن بۆ سازدانی جەماوەرو لاوانی یۆنان لە دەرەوە کە ئەمرۆ (( لۆبی ( یۆنانی لە دوای لۆبی یەهودی بە دوەمین و بە قوەترین لۆبی دیت . چونکە خاوەنی هەستی نیشتمانین و گریداروی گەل و وولاتن . ئەم لۆبیە تا ئەم رادەیە خاوەنی سەنگ و بەهاو فشاری خۆیەتی هەتا لە ئەمریکاش کە ئەمریکا ناتوانی بۆ مەسەلەی قوبرس هیچ هەنگاویک بەدژی بەرژەوەندی یونان بهاویژیت .

- اسپانیا : دەولەتیکی ئەورووپیە سەرەتا زۆر ئازایانە سەریان هەلدا جغرافیایان دۆزیەوە لەگەل پورتوگال , کەچی نەیان توانی کەلکی لی وەربگرن , و بەریتانیا و دەولەتانی تری ئەورپا بە هۆی پیش کەوتنی پیشەسازی کەوتنە پیش اسپانیا . ئەوە بوو اسپانیا کەوتە پەلە قاژەی ئەوەی چۆن بتوانی بگاتەوە ئەورپیەکان لیرەدا ئورتیگا وەک فەیلەسوفیکی اسپانی توانی هەموو پارتە سیاسەکان . وە ناوەندە رۆشنبیریەکان بهیبیتە سەر ئەو باوەرەی (( بۆ میژویەک کە ئیمەی لی بە جی ماین تەنها یەک چارەسەر هەیە بمان گەینیتەوە ئەم میژوە ئەویش پەروەردەکردن و ئامادەکردنی جەماوەرەکەمانە بۆ ئەم پیش کەوتنە , پیش کەوتن رازاندنەوەی سەر شەقام و دار و دیوار نیە , پیش کەوتن رازاندنەوەی باوەرو هزرو بیری جەماوەرە( ( .

برایانی بەریزم :

وەک من لە نزیکەوە ئاگادارم کاک ئیدریس دیقەت و کار و وەختی بە زۆری دەدایە دیدار لەگەل خەلک لەگەلیان دەژیا , تیکەلیان دەبوو قسەی بۆ دەکردن .
هەر کادریک کە لە ژیاندا بی ورە یان بی تاقەت بوایە تەنها بە دیتنی کاک ئیدریس جاریکی تر نۆی دەبووەوە .
وە زۆر بەوەفا بوو بۆ خوشەویستمانی بارزانی نەمر .
حەز دەکەم لیرەشدا بیرەوریکی خوم لەگەل کاک ئیدریس و ماموستا هەژاری موکریانی باس بکەم :

- ئیوارەی رۆژی 30/01/1987 واتە رۆژیک بەر لەوەی مالئاوایی جەسەدیمان لی بکات بریار بوو رۆژی پاشتر 31/01/1987 لە کەرەج سەفەر بکەین بۆ ورمی وراژان بۆ بارەگای م .س لە خزمەتی دا بووم کە کاک ئیدریس وەک تایبەتمەندی و خویە جەماوەریەکەی کە پر بوو لە بەخشندەیی و گەورەیی و وەفا سەردانی مالە دوست و هەڤال و هاوسەنگەرانی دەکرد بە مەبەستی خواحافیزی لە ناو سیارەکەدا بوونین فەرمووی :

سەرباز ئەلین ماموستا هەژار زۆر نەخوشە نە وەکو و ئیتر یەکتری نەبیننەوە باچین سەریکی لی بدەین ,چونکە ماموستا هەژار ئامانەتی بارزانی نەمرە و شاعیریکی خوراگری بەرەنگاری کوردە .
بەیەکەوە چوینە مالی ماموستا هەژار فعلا زۆر نەخوش بوو , دوای چەند ساتیک دانیشتن ماموستا هەژار هەندیک وەسیەتی خۆی بۆ کاک ئیدریس کرد, چونکە پیی وابوو ئیتر چاک نابیتەوە و نامان بینیتەوە , کاک ئیدریس زۆر دلی دایەوە و تەمەنای چاک بوونەوە شیفای بوکرد پاشان مالئاواییمان لی کرد . بەلام هیچمان نەمان ئەزانی مالئاوایی کاک ئیدریس لە ماموستا هەژاری ئیدریس ناس مالئاوایی دەبیت لە هەموومان .
رۆژی پاشتر لە کەرەج بەری کەوتین بەرە و راژان و سلیڤانا ئەوەبوو ئیوارەی 30/01/1987 مالئاوایی هەتا هەتایەی لیمان کردو روحی گەش هەر بەزیندوی لامان مایەوە و ماوەتەوە .

کاتیک ماموستا هەژار ئەم هەوالە جەرگ برەی پی ئەگات شیوەنی خوی بو کاک ئیدیس دەکات لە چلەی کاک ئیدریس بەشیک لە شیعرەکەی تعبیر و ئاماژەیە بو سەردانەکەی روژیک پیشتری کاک ئیدریس

ئیدریس برای لە میژینم روناکایی شەوی ژینم
تامی مەرگی خوت پی چیشتم بۆ خەمانت بە جی هیشتم
قەرار بوو بەر لە تو بمرم جیگە لە لای بابە بگرم
ئیرەیت هات پیشم کەوت پیش من لە لای بابە خەوتی

هەڤالان . . . کاک ئیدریس زۆر کەسیکی عەمەلی بوو دژی بیروکراتیەت بوو , هەمیشە بە دوای کارەکانی دا ئەچوو, دژی تەمبەلی و بریاری پشت میزو اهمالی بوو . . .

کاک ئیدریس چاودیری بریارەکانی خۆی ئەکرد تاکو و دەیگەیاندە ئەنجامیک دەوروبەری خوشی هەروا تی گەیاند و پی‌گەیاند .

کاک ئیدریس تائیدی شتی باش ئەکرد و هیچ کاتیک بەرامبەر شتی خراپ بی دەنگ نەدەبوو بویە دەتوانم بلیم کاک ئیدریس نموونەی بالا بوو بۆ ژیانی شورش لەوکاتە و ئیستاش دا و لەبەر ئەوەش بوو نەیار و ناحەزکانی کاک ئیدریس زۆر رقیان لی بوو .

ئەنجام گیری : وەک ئەنجامی ئەم باسەش دەتوانم بلیم بۆ ئەمروی ژیانی پارتیمان , تاکوو لە و ئاستەدا بین کە بتوانین وەلامیکی تەواوی ئەم قوناغە بدەینەوە پیویستە خاوەنی شیوازیکی ریّک و پیّکی سەرکەوتوبین و کادری ئیمە لە ژیاندا خەسلەتەکانی کاک ئیدریسی خاوەن خەسلەت لە رووی ئەم خالانەوە پەیرەو بکات وە لە کەسایەتی خویدا ئەوەندەی ئەتوانی بەرجەستەیان بکات .

1. دلسوزی بۆ گەل و نیشتمان تا ئەم رادەیەی ژیانیشی بۆ تەرخان بکریّ .
2. باوەر بوون بە تاکەکانی ناو شورش و بە هیزکردنیان .
3. جەماوەری بوون و ئامادەکردنی جەماوەر بۆ ئازادی و سەرکەوتن ئەوەش بە پەیرەوەکردنی سەرکەوتوانەترین شیوازی پراکتیّکی لە دان و ستاندن لەگەل جەماوەردا.
4. هەردەم و هەرکات بەورەو مورالەوە سەرکیشی کارەکانی بکات و باوەری بە سەرکەوتن هەبی و کارەکەی بگەینیتە سەرکەوتن .
5. سەرکردە وکادر بتوانی لە دەردو ئازار و معاناتی یەکە یەکەی خەلک و پیشمەرگە و کادر و چین و تویژەکان تی بگات و چارەسەری گرفتەکانیان بکات .
6. گەورەیی خۆی لە گەورەیی وەلاتەکەی دا ببینی .
7. لەگەل جەماوەرو شورش راست گو بی بە باشە بلی باشە و بەرامبەر خراپەش بی دەنگ نەبی و خاوەنی بریار و دەنگی خۆی بی .
8. لە قوناغە سەختەکاندا ببیتە پردی پەرینەوەی جەماوەر بەرەو ئاسوودەیی و ئارامی و خۆی لە بیر نەکا .
9. کادر و فەرماندەکانی ئەمرۆ وەک کاک ئیدریس کەسایەتی قوناغی خۆیان بن قوناغ چی پیویستە هەموو ژیانیان تەرخان بکەن بیگەینینە سەرکەوتن تاکوو دوا رۆژیان مسوگەر بیت .
10. پیویستە کادیری ئیمە وەک کاک ئیدریس کادیری عەمەلی بە توانا بی .

لە کوتاییدا تەنها ئەوە دەلیم کە ئەم خالانەی دیاریم کرد مەرجی سەرکەوتنی ئیمەن . وە پیویستە پەیرەو بکریّن, وە هەمیشە بەسەدان دەنگ قسە لە ژیان و گەورەیی و بیروباوەرو ئاستی دلسوزی و جەسارەت و کەسایەتی پراکتیّکی کاک ئیدریس بکەن , چونکەکاک ئیدریس چیایەک بوو لە کارو تی کوشان و شورش و سەرکەوتن .

*ئیتر زۆر سوپاس*